گواستنەوەی زیاتر لە 63 هەزار سوودمەندی چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراوە حکومییەکان



ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دووپاتی کردەوە کە زیاتر لە 63 هەزار سوودمەندی چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراوە حکومییەکان گواستراونەتەوە، هاوکات وەجبێکی نوێی لە پارەزگای زیقار ئاشکرا کرد.

حەسەن خەوام، وتەبێژی وەزارەت بۆپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: "کەی گشتی ئەو سوودمەندانەی کە لە دەستێی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ژمارێک دامەزراوە و وەزارەتی حکومی گواستراونەتەوە، تا ئێستا گەیشتووەتە زیاتر لە 63 هەزار سوودمەند." خەوام ئاماژێی بۆوش کرد، "وەزارەت وەجبێکی نوێی ڕاگەیاندووە کە (279) کەس لە پارەزگای زیقار دەگرێتەوە، کە بە فەرمی گواستراونەتەوە بە سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ بە شێوەی گرێبەست،" هووڤیشیکردەوە کە "وەزارەتی ناوخۆ زەرترین ژمارەی لەو کەسانە وەرگرتووە، بە جۆرێک ژمارەی گواستراوەکان بۆ ئەو وەزارەتە گەیشتووەتە نزیکەی 34 هەزار کەس."

باسی لەوەش کرد، "پێسەی گواستنەوەکە بەردەوام و ئاگەری زیادبوونی هەیە، چونکە ماوە ماوە ئەو کەسانەی مەرجەکانیان تەدایە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان ناویان تۆمار دەکرێت،" ئاماژێی بۆوش کرد کە "دیاریکردنی ناوەکان بۆپێی پۆوەرەکانی وەزارەتی کار و ئەو

مەرجە تایبەتانە دەبێت کە وەزارەتە وەرگرەکان دایانناوە."

وتەبێژی وەزارەت لە درێژەی قسەکانیدا وتی، "مەرجەکان لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر دەگۆڕێت؛ بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ مەرجی ئەوەی داناوە کە تەمەنی پێشکەشکار لەنێوان 18 بۆ 25 ساڵ بێت و بڕوانامەکەی لە ناوەندی کەمتر نەبێت، لە کاتێکدا وەزارەتەکانی تر مەرجی وا دادەنێن کە لەگەڵ پێداویستییە تاستەقینەکان و پسپۆڕییەکانیاندا بگونجێت."